# ئەقڵ[٧] و ئایین

مالکولم هامڵتۆن
وەرگێڕانی لەفارسیەوە: یاسین عومەر

باشتروایە جۆرەکانی ڕوونکردنەوەو باسکردن لەئایین دابەشبکەین بۆ دوو تیۆرەی دەروونناسیو کۆمەڵناسی, هەرچەندە دەکرێت تیۆرەی دەروونناسیش بۆ دوو جۆر تیۆرەی ئەقڵگەرایی[١] و سۆزگەرایی[٢] دابەشبکەین. پریچارد (١٩٦٥) ئەم شێوە دابەشکارییەی بەکارهێناوە, هەرچەند ئەوەمان بیردەهێنێتەوە کەئەم دابەشکارییە پۆلێنکردنێکی کرچ‌وکاڵە, لەبەرئەوەی هەندێ لەتیۆرسێنان لەم وتەزایەدا بەباشی جێ ناگرن" بەڵام هەرچی چۆنێك بێت ئەم دابەشکارییە بۆ ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی لەم بەشەدا لێیاندەکۆڵرێتەوە بەکاردەبرێت. لەتوێی ئەم دابەشکارییەدا, بەدوایەکاهاتنی مێژوویی ڕێبازە تیۆرییەکان بەشێوەیەکی تەقریبی ڕەنگدەداتەوە. لەم بەشەدا لەتیۆرە دەروونناسییە ئەقڵگەراکان دەکۆڵینەوە. تیۆرەکانی دەروونناسی دەڵێن ئایین مەسەلەیەکی تاکەکەسییەو لەسەرچاوەکانی ناخی تاکەوە هەڵدەقولێت, لەکاتێکدا تیۆرەکانی کۆمەڵناسی دەڵێن ئایین پەیوەندی بە گروپو کۆمەڵەوە هەیەو بنەمای ئایینداریی تاکەکەسی, سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانن. تیۆرە دەروونناسییە ئەقڵگەرا لەبنەڕەتەوە لەئەقڵی مرۆییدا بەدوای ئاییندا دەگەڕێن, لەکاتێکدا تیۆرە سۆزگەراییەکان لەلایەنی سۆزداریی ماهییەتی مرۆییدا بەدوای بنەماکانی ئاییندا دەگەڕێن.

تیۆرە دەروونناسییە ئەقڵگەراکان, ئایین بەبەرهەمی حەزی مرۆیی بۆ ناسینی جیهان و هەڵقولاو لەئەقڵی مرۆییو توانای بەراوردی, گشتگیریو ئەنجامگیریی بینینو تاقیکردنەوە دەزانن. ڕێبازی ئەقڵگەرایانە بەرلەڕێبازی سۆزگەرایانە فۆرمۆلەکراو بەبەراورد لەگەڵ ڕەوەندە هزرییەکانی سەدەی نۆزدەدا خەسڵەتێکی تەواو پێشکەوتووانەی بەخۆوەگرت, ئەگەرچی دەبێت لەبزوتنەوەی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەدا بۆ بنەماکانی بگەڕێین. گرنگترین بیریارانی ئەقڵگەرا, ئۆگۆست کۆنت, هێربێرت سپنسەر, ئیدوارد تایلۆر و جێمز فرێزەر بوون.

تێزی گەشەسەندنی کانت لەبواری گۆڕانی بیری مرۆییدا کەخۆی بەکلیلی گۆڕینی کۆمەڵ دەزانی, لەکتێبی (چەند وانەیەك لەمەڕ فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم)دا خرایە ڕوو، کەیەکەمین جار لەساڵانی نێوان (١٨٣٠-١٨٤٢)دا بلاۆکرایەوە.

لەم کتێبەدا, کانت (یاسا سێ قۆناغی)یەکەی دەخاتە ڕوو و دەڵێت: لەڕەوتی گۆڕانی هزری مرۆڤایەتیدا دەتوانرێت سێ قۆناغە جیاوازەکەی خواناسی, میتافیزیکاو پۆزەتیڤیزمی دیاریبکرێت.

لە قۆناغی یەکەمدا, کە قۆناغی خواناسییە,

ئەندێشەو بۆچوونەکانی لەمەڕ ڕاستی، لەبنەڕەتەوە ماهیەتێکی ئاینییان هەیە. قۆناغی میتافیزیکا قۆناغی پەڕینەوەی نێوان قۆناغەکانی خواناسیی و پۆزیتیڤیزمە کەدواین قۆناغی ئەندێشەی زانستیی نوێ پیشاندەدات. لەقۆناغی خواناسیدا، خەڵکی لەو باوەڕەدان کەدیاردە سروشتییەکان ژیان و کەسایەتی خۆیان هەیە کەلەژیان و کەسایەتی مرۆڤەکان دەچن. لەم قۆناغەدا، دیاردە سروشتییەکان لەڕێگەی هاوشێوەکردنی ئەوانەوە لەگەڵ ڕەفتاری مرۆییدا دەردەخرێن و دەناسرێن و وا تەسەور دەکرێن کەخاوەن ئیرادەن و بەمەبەستەوە کاردەکەن.

پاشان کانت قۆناغی خواناسی بۆ سێ وردە قۆناغ ( قۆناغۆچکە ) دابەشدەکات. لەیەکەمین قۆناغۆچکەیاندا کەناوی تەلیسمباوەڕییە[3]، باوەڕ وایە کەهەموو شتەکان تەنانەت شتە بێگیانەکانیش، زیندوون.لەڕۆح و گیانێکی وەکو ڕۆح و گیانی مرۆڤەکان بەهرەمەندن بەبۆچوونی کانت، ئەم باوەڕە بەسەر هەموو ئەندێشە ئایینیەکاندا زاڵە، تەنها لەو کاتەشدا بەتەواوی دەناسرێت کەلەبواری گۆڕانی بەرایی مرۆییدا سەیربکرێت. لەو قۆناغە بەراییانەدا، و لەنەبوونی هەر جۆرە زانستێکی باشتردا، گشتگیرکردنەوەی ماهیەت و تاقیکردنەوەی مرۆیی بۆ واقعیەتەکانی تر، لەبەرچاوگرتنی هەموو شتەکان بەشێوەیەك کەهەر لەبنەڕەتەوە ماهیەتێکی وەك یەکیان هەبێت، و ئەم ئەنجامگیرییەی کەئەم ماهیەتە دەبێت هەمان ماهییەتی هەبێت کەبۆ ئەوان لەهەموو شتێك زیاتر ناسراوتر بوو، واتە ماهییەتی خۆیان، بە تەواوی لۆژیکی و ئەقڵگیرانەبوو.

لە قۆناغۆچکەی دووەمدا کەناوی فرەخواپەرستییە[4]، چیدی شتە مادییەکان بەو شێوەیە سەیرناکرێن کەبە ڕۆح و گیانێکەوە زیندوون کەلەناخیاندا هێلانەی کردبێت. خودی مادە وەکو شتێکی بێکاریگەر دەزانرا کەلەگەڵ ئیرادەی دەرەکیی فاکتەرێکی میتافیزیکییدا ڕووبەڕووە.

باوەڕبوون بە فاکتەرە میتافیزیکیەکان یان خواییەکان بەهۆی توانا و حەزی مرۆڤ بەگشتگیرکردن دەردەکەوێت. زیاتر لەجاران چوارچێوەی دەسەڵاتێکی بەربڵاوتر دەدرایە پاڵ فاکتەرە میتافیزیکیەکان. ئەم فاکتەرانە، چیدی وابەستەی توێژگەلێکی تایبەت نین بەڵکو لەهەموو ئەو دیاردانەدا کەوابەستەی جۆرێکی تایبەتن یان پەیوەستن بە وتەزایەکی دیاریکراوەوە، بە ئاشکرا دەردەکەون. ئەم پرۆسەیە ڕەوتێکی بەو شێوەیەی هەیە. لەسەرەتادا باوەڕ لەسەر ئەمەیە کەهەر درەختێکی بەڕوو گیانێکی تێدایە. بەڵام لەبەرئەوەی هەموو داربەڕووەکان وەکو یەکن، پاشان ئەم باوەڕە دێتە ئاراوە کەگیانێکی گشتی هەیە زاڵە بەسەر هەموو داربەڕووەکاندا. لەقۆناغی دوواییدا، لەبەرئەوەی هەموو درەختەکان یەکسانن، ئاوا ئەنجامگیری دەکرێت کە دەبێ ڕۆحێك هەبێت بەسەر هەموو درەختەکانەوە فەرمانڕەوا بێت. بەم جۆرە، چەمکی خوای دارستان و خواکانی تر دروستدەبێت. لەم قۆناغی فرە خوا پەرستییەدا، کوڕی خواکان و یەزدانەکان دێتە ئاراوە کەبەتوانای کاریگەری لەسەر جیهان و مرۆڤ دەبنە جێگەی لێ پاڕانەوەو پەرستن. لەم قۆناغەدا، دەزگای کەهەنوتی دێتەئاراوە کەئەرکی ناوبژیکردنی نێوان قەڵەمڕەوی مرۆیی وقەڵەمڕەوی خواکانە. ئەم دەزگا کەهەنوتییە چینێکی نوێ پێکدەهێنێت کەماندوونابن و دەتوانن کاتی خۆیان بۆ بیرکردنەوەو ڕامان و قووڵڕۆچوون بەبیرکردنەوەدا تەرخان بکەن. بەسەرهەڵدانی کەهەنوتیت، تەعالیمیش سەرهەڵدەدات.

لە هەنگاوێکی تردا، ئەو پرۆسەیەی کەتەلیسمباوەڕیی گۆڕی بوو بە فرەخواپەرستی[5]، لەڕوی لۆژیکییەوە دەبێتە هۆی دواین قۆناغۆچکەی خواناسی، واتە یەکتاپەرستی.

ئەم قۆناغۆچکەیە بە دروستکردنی ئایینە گەورە

جیهانییەکان و سەرهەڵدانی ڕێکخراوە ئایینییە تایبەتیەکانی وەك کڵێسا دەستنیشان دەکرێت.

لەم قۆناغی یەکتاپەرستییەوە، ئەندێشەی مرۆیی پێدەنێتە قۆناغی میتافیزیکی، کەلەناویا، ڕۆحەکان و یەزدانەکان شوێنی خۆیان دەدەن بە تێگەیشتنە ئەبستراکتییەکان لەیاسا گشتییەکان، یان دەیدەن بەو هێزانەی کەبەسەر واقیعدا فەرمانڕەوان. ئەم قۆناغبەندییەش بەجێی خۆی ڕێگە بۆ ئەندێشەی زانستی قۆناغی پۆزەتیڤیزمی دەکاتەوە کەبەدوای خستنەڕوی واقیعیەتەوەیە بەپێی یاسا و گشتگیرکردنە هۆکارییەکان.

بەهەر حاڵ، کانت تەسەورینەدەکرد بەدەرکەوتنی زانست، ئایین بە تەواوی لەناوبچێت. لەبیرکردنەوەی ئەودا، ئایین نەك تەنها کۆششێکە بۆ خستنەڕوو و ناسینی ڕاستی، بەڵکو بەبنەمای یەکگرتنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش دەژمێردرێت. هەروا کەپراوس (١٩٨٧) باسیدەکات، کانت دوو تیۆرەی لەمەڕ ئایین خستەڕوو، کەهەریەکەیان لەیەکێ لەلایەنەکانی تێگەیشتنە لێکدژەکانی ئەو لەسەردەمەکەیەوە سەرچاوەیگرتووە. کانت لەلایەکەوە باوەڕی بە پێشکەوتنی لەچارنەهاتووی زانست و زاڵبوون بەسەر سروشتدا هەبوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە، هەراسان بوو لەقەیران و داڕمانی کۆمەڵایەتی. یەکەمین خولیای ئەو تیۆرەی پەرەسەندنی بەبارهێنا کەگەشەسەندنەکەی لێکەوتەوە، ئایین دادەنرێت بە یەکەمین قۆناغی پێشکەوتنی ئەندێشەی مرۆیی و مەیلی دووەم کانتی هاندا تا کۆمەڵگە ببینێت کەپێویستیی بەدەسەڵاتێك یان هێزێکی ڕێکخەر و یەکگرتووکەر هەیە، ناوی ئاینی لەهەموو ئەو شتانە دەنا کەئەم کارکردە ئەنجامدەدات.

بەم پێیە، هەرچەندە دەبووایە بەهۆی گەشەی زانستەوە ئایینی کۆن لەناوبچێت، و فۆرمی ئایینێکی نوێ شوێنی ئەوی بگرتایەتەوە کەلەسەر بنەمای زانستی ڕاوەستابێت. لەبەرئەوەی ئەو زانستەی سەروکاری لەگەڵ تێگەیشتنی بنەماکانی یەکێتی و یەکانگیریی کۆمەڵایەتیدا هەیە کۆمەڵناسیە، کەواتە ئایینی نوێش دەبێت جۆرێك کۆمەڵناسیی پراکتیکی بێت و کۆمەڵناسیش دەبێت پایەبەرزترین کاهینی ئەم ئایینە تازەپێکهاتووە دنیاییە بێت. کانت وا ئەم ڕایەی بە جدی گرتبوو کەتەنانەت جلوبەرگی ڕەسمیی کاهینانی کۆمەڵناس و ئەو ڕێوڕەسمانەی کەپێویست بوون ئەنجامی بدەن داڕشتبوو، بەکردەوە کڵێسایەکی ئیسباتگەرای بنیاتنا کەیەکێ لە دوو لقەکەی ئەو کڵێسایە هێشتا ماوە.

لەم ڕووەوە کانت لەگەڵ زۆربەی شوێنکەوتووەکانی خۆی جیاوازی هەیە، چونکە ئەم کەسانە زۆرتر باوەڕیان وایە کەئایین لەکۆمەڵگەی نوێ و ئەقڵانییدا بەتەواوی لەناودەچێت. بەڕای ئەوان، ئەقڵ بەتەنها بەسەر ڕەفتاری مرۆڤدا زاڵدەبێت و ئایینی کۆمەڵناسیی کانت لەگەڵ کەهانەت و جلوبەرگی ڕەسمی و ڕێوڕەسمەکانیدا بێ مانایە. بەڵام ئەوانیش وەکو کانت لەو باوەڕەدابوون کەدەبێت ئایین بەرئەنجامی ئەقڵ و توانای گشتگیریی مرۆڤ بەمەبەستی تێگەیشتن و خستنەڕووی جیهان بێت. ئەوانیش هەروەك کانت ڕێبازی پەرەسەندنیان گرتەبەر و دەیانویست شێوازی پەیبردن و تێگەیشتنی پێشینانی ئێمەی لەبواری تێگەیشتنی جیهاندا نۆژەن بکەن. ئەوان حەزیان بەوێنەکێشانی سەرەتاییترین و کۆنترین شێوازەکانی تێگەیشتنی ئایینی بوو، چونکە لەو باوەڕەدابوون کەهەموو شێوازە دواترو ئاڵۆزترەکانی تێگەیشتنی ئایینی لەم تێگەیشتنە ئایینییە سەرەتاییانەوە گۆڕاون. بەم شێوەیە، ئەوان هاتبوونە سەر ئەو باوەڕی کەدەشێ بنەماکانی پەروەردە بیرکردنەوەی ئایینی بدۆزرێتەوە. چەند نووسەرێکی وەك سبنسەر، تایلۆر و فریزەر بۆ پەیداکردنی ئەم بنەمایانە ڕوویانکردبووە کۆمەڵگە بەراییەکان، چونکە

بەبۆچوونی ئەوان ئەم کۆمەڵگایانە پیشاندەری پاشماوەی یەکەمین قۆناغەکانی گۆڕانی مرۆڤو گۆڕانی کۆمەڵایەتین.

ئەندێشەکانی هێربێرت سبنسەر دەربارەی سەرهەڵدانو بنەچەکانی ئایین لەکتێبە گەورەکەی بنەماکانی کۆمەڵناسیدا خرایەڕوو، کەلەماوەی نێوان ساڵانی (١٨٧٦ بۆ ١٨٩٦) دا بڵاوبووەوە. سبنسەر لەم کتێبەدا ئەم پرسیارەی هێنایە گۆڕێ بۆچی نەتەوە سەرەتاییەکان باوەڕیان بە شتگەلی وەکو ڕۆحو جادو هەیە کەبەئاشکرا نادروستو هەڵەن. ئەو وای ئەنجامگیری نەکرد کەنەتەوە بەراییەکان بێئەقڵن، بەڵام لەبەرئەوەی ناچار بوون لەسەر بناغەی زانیاریی زۆر سنووردار کاربکەن، تێگەیشتنە نادروستەکانیان بۆ جیهان، جێگای پاساو و تێگەیشتنە.

بەڕای سبنسەر یەکێ لەئەزموونە گرنگو هاوبەشەکانی پێشینانی سەرەتایی ئێمە کەتێگەیشتنو هەڵهێنجانگەلێکی دیاریکراویشیان لێکردبوو، ئەزمونی خەوبینینە. خەو بۆ پێشینانی بەرایی ئێمە، دەبوو وەکو ژیان لەواقیعیەتی ئەبستراکت بێت کەلەچوارچێوەو ژێردەسەڵاتی هەمان هێزەکانو یاسا سنوردارکەرەکانی ژیانی ڕۆژانە نەبێت. لەخەودا، دەتوانرێت دەتوانین مەودای دوورودرێژ لەیەکساتدا بڕینو بۆ ڕابوردوو بگەڕێینەوەو چاومان بەو کەسانە بکەوێت کەزۆر پێش ئێستا مردبوون. ئەزمونی خەوبینین ئەو تەسەورەمان لادروستدەکات کەماهیەتێکی دووفاقمان هەیەو لایەنێکی تر لەخودی[6] ئێمە هەیە کەهەمان خود یان ڕۆحە لەخەودا. دەتوانرێت تێگەیشتنێکی دیکە لەم مەسەلەیە هەڵبهێنجرێتو بوترێت ماتوڵ مرۆڤەکان ماهیەتێکی ئاوا دووفاقیان هەیە کەواتە دەبێت شتەکانی تریش ماهییەتێکی ئاواییان هەبێت. بەپێی ئەندێشەو باوەڕە سەرەتاییەکان، هەموو شتەکانی جیهان لەگیاندارەوە بیگرە تا بێگیان، دەبێت ڕۆحێک یان گیانێکیان هەبێت. بەهەمان شێوە کەکانت بیرکردنەوەی یەکەمینی بە تەلیسماوی زانی بوو، سبنسەریش قایلبوو بەبوونی قۆناغێکی بەرایی لەبیرکردنەوەی مرۆییدا کەلەتوێیدا، ڕۆحە جێگیرەکان لەدیاردە مرۆییو نامرۆییەکاندا ماهیەتو ڕەفتاری هەموو ڕاستییەکان دیاریدەکەن. بەڵام بەڕای سبنسەر، بێخوبنجی بیرکردنەوەی ئایینی لەبیرکردنەوەی تایبەتتری ڕۆحەکاندا حەشاردراوە. مرۆڤی سەرەتایی کەلەخەودا لەگەڵ مردووەکاندا قسەیدەکرد، وایدەزانی ڕۆح یان گیان لەدوای مردنیشەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان بەزیندویی دەمێنێتەوە. بەبڕوای سبنسەر، یەکەمین بوونەوەرگەلێك کەپەرسترابوون، گیانەکان یان ڕۆحی مردووەکان بوون. ئەندێشەی ڕۆح گۆڕابوو بۆ ئەندێشەی ئەو خودائاسایانەی[7] کەلەڕاستیدا ڕۆحی مردووەکان بەتایبەتی پێشینانی دوورو بەئەفسانەبوو بوون، کەدەستەبەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتیەکانی لەچەشنی تیرەو خێڵ بونیاتنابوو. ئەم پێشینانە وەکو کەسانی گرنگ، بەتواناو دەرکەوتوو وێنادەکران کەپاش مردن بووبوون بەخواگەلێك کەدەبوو ڕێزیان بۆ دانرێتو دڵیان ڕاگیرێت. بەپێی ئەندێشەکەی سبنسەر، پێشینانپەرستی یەکەمین شێوەی ئایین بووەو لەبنەمای هەموو ئایینەکاندا هەیە. ئایینە گەورە جیهانییەکانیش لەهەمان شێوەی ئایینییەوە دروستبوون. ئەو چەمك و زاراوانەی کەلەم سیستەمە عەقایدییانەدا بەکاردەهێنرێن، هە ر هەمان سەرچاوە پیشادەدەنەوە. بۆ نمونە، ئایا لەمەسیحیەتدا، باوەڕ بە گیانی پیرۆز نییە.

هەربەمشێوە، یەکەمین ڕێوڕەسمە ئایینییەکان دەبێت لەکاتی مردندا ئەنجامگیرییان کردبێت کەڕۆح دەچێتە جیهانی پێشینانەوە، واتە ڕێوڕەسمەکانی بەخاکسپاردن. دەربڕینی سبنسەر لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئەم ڕێوڕەسمانەدا، شێوەیەك دەگرێتەخۆ کەلایەنی دەروونناسیی ئەقڵگەرییەکەی بەئاشکرا

کەمتردەبێتەوەو چۆنییەتییەکی کۆمەڵناسی ترو لەڕاستیدا پراکتیکیتر بەخۆوەدەگرێت. ڕێوڕەسمەکانی بەخاکسپاردن بە سەرچاوەی یەکانگیریی کۆمەڵگە دەزانراو دامەزراوە ئایینییەکان کەپاشتر گۆڕان، بووبوون بەهەڵگرانی نەریتو پارێزەرانی سەقامگیریی کۆمەلأیەتی.

سبنسەر، وێڕای ئەم ڕەگەزی پراکتیککەرییە، وێنەیەکی بۆ سەرچاوەکانی ئایین دروستکرد کەتیایدا، ئامادەیی و حەزی زەینی مرۆڤ بۆ ئاقڵانەبیرکردنەوەو هەڵێنجان لەڕوانین و ئەزمون و، حەزی بۆ ناسین و ئاشکراکردنی جیهان، پێگەیەکی بنەڕەتی هەیە. بەگوتەی ئیڤانز پریچارد (١٩٦٥)، سبنسەر لەکاتی دروستکردنی ئەم تەسەورەدا، کەڵکی لەکرداری لەناوەوەڕوانین وەرگرت و هەوڵیدا لەبواری زەینییەوە خۆی لەجێگای مرۆڤێك دانێت کەلەو سەردەمی بەراییەی گەشەی ڕەگەزی مرۆڤدا دەژیا و لەم ڕێیەوە خەیاڵبکاتەوە کەئەم مرۆڤە دەبێت چۆن چۆنی بووبێت و چۆنچۆنی بیریکردبێتەوە. سستیی ڕێبازەکەی سبنسەریش هەر لەم مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەلأم بەر لەچوونە سەر کەموکورییەکانی تیۆرەکەی سبنسەر، باشتروایە چاوێك بە ئەندێشەکانی ئەدمۆند تایلۆردا بخشێنین کەلەم ڕووەوە تاڕادەیەك لەئەندێشەکانی ئەو دەچێت.

تیۆرەکانی تایلۆر، دەربارەی سەرچاوەکانی ئایین، لەخوێندنەوە گشتییەکەیدا بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی، واتە کتێبی کەلتوری سەرەتایی کەلە(١٨٧١)دا بلأوبووەوە، دەرکەوتن" ئەم تیۆرانە بەشێکی گرنگ لەم کتێبە پێکدەهێنن. ئەوە تایلۆر بوو کەزاراوەی (بەگیاندارزانین[٨])ی داهێنا کەبەڕای خۆی، بەیەکەمین و بناغەییترین شێوەی ئایین دەژمێردرێت و هەموو شێوەکانی تری ئایین لەم تێگەیشتنە سەرەتاییەوە پەرەیانسەندووە. هەروەك وتوومانە، ئەو، ئایین، بەشێوەی ((باوەڕ بەبوونە سەروسروشتییەکان)) پێناسەدەکات. بەڕای تایلۆر، یەکەمین تێگەیشتنی مرۆڤ لەبارەی بوونەوەرە ڕوحییەکان، تێگەیشتنێکی بەگیاندارزانینی ڕۆحە جێگرەوەکانن[٩]. بەکۆنترۆڵکردن و کاریگەری دانان لەسەرئەم بوونەوەرە ڕۆحییانە، دەشێت واقیعیەت لەژێرچاودێری و دەستکاری مرۆڤدا دابنرێت. بەڕای تایلۆر، بەزیندووزانین، لایەنی تیۆری یەکەمین سیستەمی ئایدۆلۆژی مرۆڤ بوو، بەلأم جادو تەکنەلۆژیای پراکتیکیی ئەو، پێکدەهێنێت.

تایلۆر لەم ڕووەوە لەگەڵ سبنسەر قسەیان یەك بوو، بەڕای ئەو سەرچاوەی تێگەیشتنگەلێکی ئاوها لەئەزمونی خەونبینینەکان و خەیاڵکردنەوەکاندایە. تایلۆر لەم ڕووەیشەوە لەگەڵ سبنسەر یەکدەنگ بوو کەبەهەمان شێوەی ئەو لەو باوەڕەدابوو کەتوانا و حەزی مرۆڤ بۆ گشتگیری بووبووە هۆی ئەوەی بۆ هەموو شتەکان بەگیان، یان بەڕۆحێك قایلبێ، ئەمەش جگە لەبەزیندووزانین هیچ شتێکی تر نییە. هەروەها تایلۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی دێڤد هیۆمی فەیلەسوفیش. هیوم لەکتێبی مێژووی سروشتیی ئایندا، کەیەکەمین جار لە(١٧٥٧)دا بلأوبووەوە. ئەم بۆچوونەی دەربڕیبوو: ((حەزی جیهانیی ڕەگەزی مرۆڤ ئەمەیە کەهەموو بوونەوەرەکان وەکو خۆی دەناسێت و ئەو چۆنیەتییانەی کەبۆ خۆی زانراوە و لەنزیکەوە دەیانناسێت، دەگوێزێتەوە بۆ هەر دیاردەیەکی تر.)) (هیوم، ١٩٧٦، ص٣٣.) هەڵبەتە ئەمە هەمان ئەو داعیەیە کەکانت لەمەڕ قۆناغی بەتەلیسمزانینی گۆڕانی زەینی مرۆڤ هێنایەگۆڕێ.

بەپێی بەڵگەهێنانەوەکانی تایلۆر، چۆن بوونگەلێك کەجیهانی مرۆڤە دێرینەکانیان ئاخنی بوو لەنمونەیەکی مرۆییەوە سەرچاوەیان دەگرت، بەگوێرەی ئەمان دەبوو تایبەتمەندیگەلێك بدەنە پاڵ ئەم بوونانە کەوەکو نیەت، مەبەست، ئیرادەو شتی لەو بابەتەیە، تایبەتمەندیگەلێکی مرۆیین. بەلأم هەندێ لەم بوونانە کەدەسەلأتیان بەسەر گرنگترین لایەنەکانی

سروشتدا هەیە, زۆر باشترو بەهێزتر لەمرۆڤەکان دەزانران, لەبەرئەوەی دەیانتوانی چاودێری چارەنووسی مرۆڤ بکەن. دەبێت ئەم بوونە بەهێزانە بەهەمان ئەو شێوازانە شادکرێن و هانبدرێن کەلەکاتی دڵنەوایی مرۆڤەکانی تردا بەکاریاندەهێنین, واتە بە پاڕانەوە, لالأنەوەو دیاریبەخشین کەمەسنا ئایینییەکانیان پەرستن و قوربانین.

تایلۆر جیاوازی لەنێوان ئایین و جادوو دانا و جادوی بەسەرچاوەگرتوو لەباوەڕ بەبوونە ڕۆحییەکان نەدەزانی, بەڵکو بەسەرچاوەگرتوو لەهێزو توانا ناشەخسییەکانی دەزانی. بەڕای ئەو, لەسەر بناغەی ئەسڵی وەکو یەکی و یەکترخوێندنەوە کاردەکات. لەئەندێشەی جادوویدا, شتگەلێك کەوەك یەکن پەیوەندییەکی هۆکارییان بەیەکەوە هەیە. جادوگەر ئاوا بیردەکاتەوە کەبەبەکارهێنانی یان کارکردن لەسەر شتێك بەچەندین شێوەی دیاریکراو, کاریگەری دانان لەسەر شتگەلی تری وەکو ئەو ئیمکانی هەیە. لەم ڕووەوە, جادو زۆرتر لەزانست دەچێت بەلأم پشت بەبەڵگەی نادروست دەبەستێت. بەلأم تایلۆر جادو بە شتی نائەقڵانی نازانێت, بەڵکو لەهەلومەرجی نەزانی و نەبوونی زانیاری دروست سەبارەت بەپەیوەندیە ڕاستەقینەکانی نێوان شتەکان, بەگونجاوی دەزانێت.

ئەندێشەکانی تایلۆر دەربارەی ئایینی سەرەتایی کاریگەری لەسەر کارەکانی جیمز فرێزەر دانابوو, ئەو کەسەی کەبەهۆی کتێبی لێکۆڵینەوەی ئاشکراکەری (چڵی ئاڵتوونی) کەلەدوانزە بەرگدا لە(١٨٩٠)دا بلأوبووبووەوە, ناوی دەرکردبوو. فرێزەریش تەرحێکی پەرەسەندنی لەچەشنی تەرحەکەی کانتی قبوڵکردبوو, تەرحێك کەجیاوازی ئەو تێگەیشتنەی جێگەی سەرنجی تایلۆر بوو لەنێوان جادو, ئایین و زانستدا پیشاندەدا. فرێزەریش سێ قۆناعی سەرەکی لەگۆڕینی زەینی مرۆڤی ناساندبوو کەبریتین لەقۆناغی جادویی, قۆناغی ئایینی و قۆناغی زانستی.

فرێزەریش وەکو تایلۆر, باوەڕ و کارکردە جادوییەکانی بەجۆرە زانست و تەکنەلۆژیایەکی سەرەتایی بەلأم پشتبەستوو بە پاساوی نادروست دەزانی" ئەو ئەم بەڵگەهێنانەوە هەڵەیەی بەئەنجامی بێئەقڵی دەزانی نەك بەئەنجامی نەزانی کەبەپێی هەلومەرجی ژیان و کارکردی پێشینانی بەرایی ئێمە پاساودەدرا. هەروەها ئەویش وەك تایلۆر, وابیریدەکردەوە کەئەندێشەی جادویی پشتبەستوو بە جۆرە تەداعییەکی مانابیە. کەبەپێی ئەو, هەندێ لەجۆرەکانی تەداعی یان پەیوەستەیی زناك (دەلالەت) لەوابەستەییە هۆکارییەکانی نێوان شتەکان دەکەن.

فرێزەر لەنێوان دوو جۆر جادو, واتە جادوی تەقلیدی و جادوی مسری, جیاوازی دانابوو. لەجادوی یەکەمدا, لەبەرئەوەی دوو شت وەك یەك دادەنرێن, وا ئەنجامگیریی دەکرێت کەئەو دووانە وا بەیەکەوە پەیوەستن کەئەگەر کارێك لەسەر یەکێکیان بکرێت کاریگەریی لەسەر ئەوی تریشیان دادەنێت. بۆ نمونە, ئەگەر پەیکەرێ بۆ کەسێك لەمۆم دروستبکرێت و دەرزییەك بکرێت بە لەشی ئەم پەیکەرەدا, ئەوا ئەو کەسەی کەئەم پەیکەرەی لەسەر دروستکراوە ئێشی پێدەگات, بەلأم جادوی مسری لەسەر ئەو بڕوایەیە کەئەگەر دوو شت پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەبێ, ئەوا ئەو کارەی لەسەر یەکێکیان ئەنجامدەدرێت کار لەوی تریشیان دەکات, بۆ نمونە, لەڕێی سوتاندنی مو یان نینۆکی کەسێکەوە دەتوانرێت زیان بەو کەسە بگەیەنرێت, بێگومان ئەگەر ئەم کارە وێرد و دوعای گونجاوی لەگەڵدا بخوێنرێت.

پاشان, فرێزەر درێژەیدەداتێ کەلەبەرئەوەی هونەری ئاوا, بەکردەوە ئاکامێکی دڵخوازی لێناکەوێتەوە, بەتێپەربوونی کات مرۆڤەکان ڕوودەکەنە باوەڕو کارکردی تر کەخەسڵەتی ئایینییان هەیە. بە باوەڕی ئەو, ئایین پشتبەستووە بەبەراورد لەگەڵ ڕەفتاری مرۆڤدا. پلەبەپلە, هونەری دروستکراوی جادو جێگای خۆیان دەدەن بە پاڕانەوەو لالأنەوە لەڕۆحەکان. مرۆڤەکان لەڕێگای پڕۆسەی تووڕهەڵدانە دەرەوە, لێهاتوویی و

تواناکانی مرۆڤ دەدەنە پاڵ بوونەوەرە سەروسروشتییەکان, ئەو بوونەوەرانەی کەمرۆڤەکان دەتوانن لەڕێگەگەلێکی جۆراوجۆرەوە هانیانبدەن بۆ کۆمەککردن بەمەبەستی گەیشتن بەمەبەستەکانی خۆیان.

بەڕای فرێزەر, بەدۆزینەوەی ماهیەتی لەجاران زیاتر ڕاستەقینەی جیهانی مادی , ئایین ئاوادەبێتو شوێنی خۆی دەداتە زانیاری سەلمێنراوی زانستی. بەڵام بە بڕوای ئەو, ئەم گۆڕینە پەرەسەندنییە پرۆسەیەك نییە كە لەگەڵ پێشکەوتنندا ئاوێتە بێت, لەبەرئەوەی لۆژیکی جادو ئەگەرچی نادروستە, بەڵام لەئایین زیاتر لەلۆژیکی زانستی دەچێت” لەبەرئەوە, پێویستە بوترێت کەئایین لەقۆناغەکانی گەشەسەندندا, بە ڕێگایەکی لاوەکی دەژمێردرێت. بەڕای فرێزەر, ئەم قۆناغانەی گەشەسەندن لەگەڵ پۆلێنکردنە کاتیە ڕۆشنەکاندا دیاریناکرێن. ئایینو تەنانەت جادو لەگەڵ ئەوەی باڵادەستی خۆیان لەکۆمەڵگەدا لەدەستدەدەن, بەڵام دیسان لەچەرخی زانستیدا هەروا دەمێننەوە. ڕەواجی جادو هەرچەندە کەلەقۆناغی ئەندێشەی ئایینیدا کەم دەبێتەوە, بەڵام بەتەواوە لەناوناچێتو پاشماوەکانی تەنانەت لەچەرخی زانستیشدا دەمێنێتەوە.

ئایینیش درێژە بەژیانی دەدات بەڵام دەسەڵاتی بەسەر مێشکی مرۆڤدا نامێنێت, تا ئەوەی کەسەرئەنجام کاتێ دێت هەستدەکەین ئیدی بەکاریناهێنین, و لەناودەچێت.

یەکێ لەو ڕەخنە سەرەکییانەی کەدەتوانرێت لەم تیۆرسێنە ئەقڵگەراو پەرەسەندنە ئەندێشەییانەی سەدەی نۆزدەهەم بگیرێت, ئەمەیە کەفرۆفیشاڵەکانی ئەوان ئەوەندەی پشتی بەزەینڕوونیو گومان بەستووە ئەوەندە پشتی بە بەڵگەی ڕاستو دروست نەبەستووە. هەروەك لەباسی سبنسەردا باسمان کرد, یەکێ لەو شێوازانەی کەلەو سەردەمەدا بەکاردەهات, ڕێبازی دەرونڕوانین بوو کەبەلای کەمەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەزانیاری سەبارەت بەزیهنییەتی مرۆڤی سەرەتایی, متمانەی پێناکرێت. ئیڤانز پریچارد بەم جۆرە ڕێگایە, ((سەفسەتەی ئەگەر من ئەسپ بوومایە))ی ناولێدەنێت. ((بینای لۆژیکیی مێشکی تۆژەر لەمرۆڤی سەرەتاییدا دادەنرێتو وەکو دەرخەری باوەڕەکانی بەکاردەبرێت)) (ئیڤانز پریچارد, ١٩٦٥, ص٢٥). بێگومان, هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەم تەسەورە لەئارادا نییە کەپێشینانی سەرەتایی ئێمە بەهەمان ئەو شێوازە خەوەکانیان لێکبدەنەوە کەبەقسەی سبنسەرو تایلۆر دەبێ لێکیاندابێتەوە. کێ نالی ئەوانیش وەکو ئێمە خەوەکانیان وەك خەو ڕەتنەکردۆتەوە؟

ڕاستیەکەی هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەمرۆڤی بەرایی زیهنییەتێکی بەزیندووزانیی هەبووە, یان ئەوەی کەسێ قۆناغ لەگۆڕانی بیرکردنەوەدا بوونی هەبووە کەلەتوێیدا, ئایین شوێنی جادوی گرتەوەو پاشان شوێنەکەی خۆی دا بە زانست. بەداخەوە, سەبارەت بە باوەڕەکانو بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی سەرەتایی هیچ بەڵگەیەکمان لەدەستدا نییەو پاشماوە ماتریالییەکان لەمەڕ شتەکانو دەستکردە بەجێماوەکانی ئەم مرۆڤانە, ماناو زناکی ناڕۆشنیان هەیە. ئەم نووسەرانە ئەو بەڵگانەی لەکۆمەڵگە ((سەرەتاییە)) هاوچەرخەکانەوە بەدەستیانهێناوە بەشێوەیەکی ناشیرین بەبەڵگەی جۆرەها باوەڕو کارکردگەلێك دەزانن کەتایبەتی مرۆڤە بەراییەکان بوون. ئێمە هیچ نازانین کەئایا ئەم باوەڕانە بە تێپەڕینی کات گۆڕاون یان نەء و بەهیچ شێوەیەك ناتوانین وایدانێین کەکۆمەڵگەی سەرەتایی هاوچەرخ پاشماوەگەلێکی کۆمەڵگە مرۆییە سەرەتاییە کۆنەکان دەخەنەوەڕوو. ئەو کات, ئەو وردەکاریە خەڵکوێناکەرانەی کە ئەم نووسەرانە پشتیان پێبەستبوو, پچڕپچڕ و لێرەولەوێ, لەو بوارەدا نینو جێگەی بڕوا نین. ڕێگایەکی ئاوا بەتوندی ڕووبەڕووی مەترسی بەدحاڵیبوونو خراپلێکدانەوە دەبێتەوە. یەکێ لەو ڕەخنانەی دەتوانرێ لەم نووسەرانە بگیرێن, ئەمەیە کەئەوانە هەمووین وایدادەنێن کەئەو کارانەی

گوزارشتکراون، جگە لەکۆششگەلێك بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامگەلێکی دڵخواز هیچ شتێکی تر نین. ئێمە سەبارەت بەو کارە مەیدانییە باشترو بەڵگەدارترانەی کە هەتا ئەم ساتە ئەنجامدراون، دەزانین کەزۆرێك لەباوەڕەکان و کارکردەکانی نەتەوە خێڵەکییەکان لەم جۆرەن، بەلام هەڵەیشە ئەگەر وا بیربکەینەوە کەهەموو ئەم کارکردانە ماهییەتێکی لەو چەشنەیان هەیە. بۆ نمونە، ئەم کارکردانە دەشێت ڕەهەندێکی نواندنییان[١٠] هەبێت (سەیری فیلیپس بکەن،١٩٧٦)

ئەم ئیمکانەی کەباوەڕگەل و کارکردگەلێکی ئاواهی دەتوانن ڕەهەندێکی زۆر لەوە فراوانتریان هەبێت کەبتوانرێت ئەوان تەنیا وەکو هەڵەی ڕووت لەبەرچاوبگیرێن، بەم ڕاستییە ئەوە دەسەلمێت ئەوەی نەتەوە خێڵەکییەکان پشتیان بەجادووبەستووە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی دڵخواز نییە. ئەگەر وابووایە، جادو هەرگیز نەیدەتوانی بمێنێتەوە. ئەم میلەتانە لەزۆر ڕووەوە کارامەییەکی ئەزمونیی ئاسایی و ڕۆژانە بەکاردەهێنن. ئەوان چاوەڕوانی ئەوە نین کەبەبێ تۆو چاندن، ئاودان، بژارکردن و پاراستنی بەرهەمەکان لەئافاتی ڕوەکی و هاوشێوەکانی، تەنها بەهۆی جادووەوە بەرهەمەکانیان پێبگات. ئەوان لەهەر کات و سەردەمێکدا یان لەهەر چالاکییەکی ڕۆژانەدا، ئەو پەیوەندییانەی لەمێشکدا هەن، لەگەڵ پەیوەندییە هۆکارییەکان تێکەڵناکەن. جادو یان لەهەلومەرجی تایبەتدا بەکاردەهێنرێت، یان لەگەڵ هونەری ئاساییدا.

سەرئەنجام دەبێت بوترێت کەبەڵگەکانی خەڵکوێناکردن سەلمێنەری بڕواکانی تایلۆر یان فرێزەر نین. بەپێچەوانەی ئەوەی کەلەدیدگای تایلۆرەوە دەردەکەوێت، سادەترین کۆمەڵگە کەکۆمەڵگە ڕاوکەرو کۆکەرەوەکانن، ئەوەندە باوەڕیان بە زیندووزانین نییە. ئەگەریش باوەڕێکی وایان هەبێت، ئەوا باوەڕەکەیان لەباوەڕی زۆرێك لەکۆمەڵگە کشتوکاڵییە ڕوکەش و قووڵەکان لاوازترە. و دیسان بە پێچەوانەی ئەوەی کەلەتیۆرەکەی تایلۆرەوە هەڵدەهێنجرێت، ئەوان وایپیشاننادەن کەجادو بەسەر ئاییندا زاڵە.

بەهەر حاڵ، ئەم لێکۆڵینەوە پێشەنگانەی تیۆرسێنە ئەقڵگەراکان، سەرباری کەموکورییەکانیان، پشکێکی پایەداریان لەناسینی ئەندێشەی جادویی و ئایینی هەبووە. ئەگەرچی لەدەیەکانی (١٩٥٠ و ١٩٦٠) ئەندێشەکانی ئەوان زۆر پشتگوێخرابوون، بەلام ئەمڕۆ زۆرێك لەمرۆڤناسان دووبارە ڕوویان کردۆتەوە ئەوان. ئەو کەسانە باسەکانی ئەوان کەجادو و ئایین لەگەڵ دەربڕین، تێگەیشتن و ئارەزوومەندی بۆ چاودێریکردنی جیهان سەروکاریان هەیە، بەشتێکی خاڵی لەهەقیقەت نازانن، هەرچەندە لەپەیوەند بەسەرچاوەگرتنی ئەندێشە ئایینی و جادوییەکان و تەرحەکانی گەشەسەندن وەکو بیرگەلێك کە قبوڵناکرێن، قسەکانی ئەوان ڕەتدەکەنەوە. لەفەسڵی داهاتوودا * دەچینە سەر باسی ئەم (تایلۆریزمی نوێ)یە.

## پەراوێزەکان:

١ Intettectualist theory
٢ Emotionalist theory
٣ Fectichism
٤ Polytheim
٥ Monotheism
٦ Self
٧ Divinity
٨ Animism
٩ Indwelling Souls
١٠ Expressive Dimension

* ئەم بابەتە بەشی دووەمی ئەم کتێبەیە:
جامعەشناسی دین، ملکولم هاملتون، ترجمە: محسن ثلاثی، چاپ اول، موسسه فرهنگی انتشارات تبیان، (١٣٧٧) هجری شمسی.